راگەیاندنی ژمارە –3–

ڕوونکردنەوەوبانگەوازێك لەلایەن کۆمیتەی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر دەستەی سەرپەرشتیارەوە

لەوکاتەوەی کۆمیتەی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال پێکهاتووە، ژمارەیەك لەکەسایەتیە جۆراوجۆ لە ناوەندەکانی سیاسیو رۆشنبیریدا خوازیاری پەیوەست بوونن بەم کۆمیتەیەوەو دەیانەوێ ببنە ئەندامی ئەم کۆمیتەیە، بەمەبەستی ڕۆشنایی خستنە سەر داخوازی ئەم بەڕێزانەو هەر بەڕێزێکی تر کە خوازیاری بەئەندام بوونن لەم کۆمیتەیەدا، ئەم چەند خاڵەمان بەپێویست زانی:

1- ئەندام بوون لەم کۆمیتەیەدا دڵخوازانەیە، هەر کەسێك کە ئامادەیی هەبێت بەشێك لەکاتی خۆی تەرخانی کارەکانی ئەم کۆمیتەیە بکات "کە ئامانجی ئازادکردنی بێقەیدو بەندی دکتۆر کەمال سەید قادر"ە، دەتوانێت ببێتە ئەندامی ئەم کۆمیتەیە بێ گوێدانە بیراوی سیاسی وحزبی و فکری.....تاد.

2- دواکاری ئەندامێتی لەم کۆمیتەیەدا، بەشێوەی نوسراو ڕەسمیەتی هەیە. کەسێك کە خوازیاری ئەندام بوونە لەم کۆمیتەیەدا دەبێ زۆر بەکورتی ئامانجی لە پەیوەست بوون بەم کۆمیتەیەدا لەگەڵ داواکاری ئەندامەتیەکەی بنووسێت.

3- چۆن ئەندامەتی لەم کۆمیتەیەدا دڵخوازانەیە، بەهەمان شێوەش دەست لەکارکێشانەوە دڵخوازانەیە.

4- کۆمیتە وەکو هەر پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی و جدی، لێپرسینەوەو ئیجرائاتی خۆی هەیە وەکو ئاگادارکردنەوە، هەڵپەساردن، دەرکردن. کە ئەوانەش بەپێ ی مەوازین و پرانسیپەکانی کۆمیتە بریاریان لەسەر دەدرێت .

5- هەر دەستەو کۆمیتەیەك کە بە کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادرەوە پەیوەست بێت بەشێوەیەکی ئوتۆماتیکی دەتوانێت نوێنەری لەدەستەی سەرپەرشتیاری کۆمیتەدا هەبێت.

هەر لێرەدا بانگەوازی هەموو ئەو دەستەو کۆمیتانە دەکەین کە بەمەبەستی داکۆکی کردن لە ئازادی دکتۆر کەمال سەید قادر دروست بوون و هەروەها هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازو پێشکەوتنخواز لەنوسەران و دادوەران، لە کەسایەتیە سیاسی و جەماوەریەکان،.... دەکەین، کەلە سۆنگەی بڕوابونیان بە ئازادی سیاسی و ئازادی بیروباوەرو بەیان و ڕادەربڕین و چاپەمەنی یەوە خوازیاری ئازادی دکتۆر کەمال سەید قادرن، بێن و بەم کەمپەینەوە پەیوەست بن و لەو کۆمیتەیەدا دەورو نەخشی شیاوی خۆیان بگێڕن.

دەتوانن بەم ئیمیلە پەیوەندیمان پێوە بکەن

dkamal_free@yahoo.com

کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر

کۆمیتەی سەرپەرشتیکار

2006-1-3